# لێرەوە..تا..ئەوێ...

## مەرجانی سێیەم

# ئیسلام سیاسەتە یان سیاسەت ئیسلامە

**فەهد گردەوانی**

**هەرجارەی دەینووسێت**



یەکەم... موسڵمانە دابەشکراوەکان...شیعەکان وەکو شەیتان ناوی عومەر و عائیشە و عوسمان و ئەبوبەکر و ابو هورەیرە و زەید و مەعاویە و...هتد دەهێنن . وەهابیەکان کە بناغەیان یا رەگیان لە سعودیەوە داناوە ، دوژمنی بابە گەورەییان شیعە و صوفیەکانە. خومەینی کە لە ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست و وڵاتێکی موسڵمانی شیعەی دامەزراند ، زوو لە دژی سعودیای عارەبی رایگەیاند کە {مەلیک}پاشا لە ئیسلامدا نی یە و حەرامە. [فەهدی کوڕی عەبدولعەزیزی ئالسعود] پاشای سعودیا ، لەترسی لەدەستدانی کورسیەکەی و پیرۆزی سعودیا ، ساڵی 1986 رایگەیاند کە {خادم الحرمین الشریفین}ە .سعودیا بەو دۆلاری نەفتە[نەوت] ، جیهانی کردە مزگەوت و بانگی ڕێبازی وەهابیی لەژێر لێوان بڵاوکردەوە .شیعەش هەرچی بۆ دەکرا بە سەرکردایەتی رژێمی ئێران ، لە دژی وەهابییەکان بەکاری دەهێنا.دیاردەی گروپەئیسلامییەکانی ئەفغانستان بە ئاشکرا دیاربوون ، هەریەکەیان سەر بە رێباز و دەوڵەتێک بوون .کار گەیشتە ئەوەی لە هیندیستان و پاکستان شەڕی براموسڵمانکوژی تەشەنەی کرد و شیعە و سونە کەوتنە ژێر چاودێری و رەحمەتی وەهابی و یەکتریان قڕ دەکرد . ئەوەندەی بەدەستی یەکتر کوژراوون ، رژێمەکان ئەوەندەی لێنەکوشتوون .سعودیا لە ترسی بڵاوبوونەوی {نەخۆشی شیعە} یارمەتی {اخوان المسلمین و هاوبیرانی} دەدا ، جا هەریەکە ناوێکیان لەخۆیان نابوو.هەنووکە شیعەی توند ڕەو بۆ بەرژەوەندی خۆی و پتەو کردنی رژێمی خۆی ، یارمەتی حەماسی سونەی فەلەستین دەدات .ئێرانی شیعە ، هەر بۆ راگەیاندنی دەسەڵاتی خۆی ، بکوژی ئەنوەر سادات[محمد انور سادات 1918/12/25 ـــ 1981/10/6 ] کە سونەی توندرەو و سەلەفی بوو و سەر بە [جیهادی شیخ عومەر] شەقامێکی بۆخۆی لە تاران بەناوکرا و بووە پاڵەوانی خیابانی تاران بە ناوی خالد ئیسلامبولی [خالد احمد شوقی الاسلامبولی 1958 ـــ 1982/4/15 ] ،ئێرانی شیعە بۆ بەڕژەوەندی سیاسی خۆی ، ساڵی 2004 ناوی شەقامەکەی گۆڕی بۆ راپەڕین[ئینتیفازە] ،پاش ئەوەی پەیوەندی دیپلوماسی لەگەڵ میسر چاککردەوە . ئەزهەر فەتوای خۆی دەردەکات .شێخی بازی سعودیا کە بە وەهابی توندرەو بەناوبانگە ، ئەویش فەتوای خۆی دەردەکات و ئایەتوڵلاکانی شاری [قوم]ی ئێران، کە سەربە رێبازی [خومەینی و خامنائی]ن ئەوانیش فەتوای خۆیان دەردەکەن .ئایەتوڵلا [سیستانی] و هاوەڵەکانی لە نەجەف و کەربەلا فەتوای خۆیان هەیە . موسڵمانی سادەش بۆخۆی نوێژی خۆی دەکات و هیچ جیاوازی لە نێوان عومەر و عەلی و عوسمان و ئەبوبەکر و حوسێن و عائیشە ناکات .هیچ هەقیشی بەوەی نی یە کەربەلا و نەجەف و مەکە و مەدینە و کەعبە و بیت المقدس کامەیان پیرۆزترە و کامەیان پلەی یەکەم و دووەمە . ئەوانەی خۆشیان لە جێگای خودا داناوە و خەڵکی بە کافر و باوەڕ کەر و باوەڕنەکەر لە قەڵەم دەدەن ، لە بەرامبەر بڕیاری خودا [سفرن] و نابێت شەریک بۆ خودا دروست بکەن . خودا لە پاشەڕۆژ بۆخۆی سەروەرە ، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بێدەسەڵات و بێگوناح دەکوژن ، بخاتە بەهەشتی بەرین و لای  حۆریان یان دۆزەخ

و ناو ئاگر ، بەخۆی سەرپشکە لە بڕیاردان نەک مەلا و شێخ و پیاوی ئایینی ، کە بۆ مەرامی خۆی هاواردەکات .

دووەم...شیعە و کورد... هاوپەیمانی شیعە و کورد ، لە بەغدا چی دەچینێ و چی دەست دەکەوێت . بەڕێزان تاڵەبای و بارزانی لە بەغدا، توانیان چ دەسکەوتێک بۆ کورد بەدەست بهێنن و لە پڕۆژەکانی داهاتوو دا گەلانی عێراق بۆ بوژاندنەوە و دیموکراسیزەکردنی کوردستان گەش بین بن . گەلۆ ئەو هاوپەیمانیەی کورد و شیعە دڵی سونیەکان ئازار نادات . کورد لە موسڵ و کەرکوک و رومادی و تکریت و ناو سونییەکان بە ئارامی دەژی یا ئەو هاوپەیمانیەتە ترسی بۆ زیاتر دەکات . کورد بۆخۆی توانیوویەتی هاوسەنگی نێوان سونە و شیعە رابگرێت . لە باری سیاسیی دا سەرکردایەتی کورد دەبێت ئەو هاوسەنگە بپارێزێت ئەگەر ئەوەندە حەز لەو عێراقە یەکگرتووە دەکات .شیعەکان لە باشووری عێراقدا یەکگرتوو نین ... سونیەکانیش یەکدەنگ نین . کوردیش بۆخۆی لە ناوە وە خاوەنی سێ حکومەتە و گرۆپەکانی ئیسلامیش رێبازی خۆیان جیاوازە و وەکو ئەو دووزلحیزبە بیرناکەنەوە . ئەی هاوپەیمانیەتی چی لێ دەروێت .تۆپبارانی ئێران و هەڕەشەی لەشکری تورکیا و کوشتنی یەزیدی یەکان و مانەوەی برگەی 140 و جێبەجێ نەکردنی وەکو خۆی ، بۆ کورد چ قازانجی هەیە لە مانەوەی لەو عێراقە بەستەزمانە . خوێندنەوەی سیاسی بۆ کورد گەرەکە قوڵتر بیری لێبکرێتەوە ، سیاسەت کردن بە شیعارات و کۆبوونەوە جێ بەجێ نابێت .هەتا ئەولایەنانە لاواز و پارچەپارچەن ، کورد دەبێ خۆی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بەرەنگاری رووداوەکانی داهاتوو بکات . ئەگەر هاودەنگی هەبێت با ئەو عێراقە پارچە پارچە بێت بۆ بەرژەوەندی کورد رەنگە قازانجی لە زیانی زیاتر بێت .

سێیەم...ئیسلامیەکانی [نهرالبارد]ی لوبنان تێکشکان... ئەوا دیسان ئەوانەی بازرگانی بەناوی خوا و پێغەمبەر و ئیسلام دەکەن ،لە جیاتی بەهەشت ، دۆزەخیان بە نەسیب بوو ، گەیەشتنە لای ابولەهەب ، ئەگەر راستبوانایەوئیماندارئبوان ، لەوباوەڕەم خودا سەری دەخستن و دەبابەیان بەساغی دەکرۆژت.ئەو جاهیلانە وایان دەزانی بەناوی ئیسلام دەتوانن پارێزگای لە تیرۆر و کارە وەحشیەکانیان بکەن .لە ترسان خەڵکی بێگوناح یان کردبووە خەندەق و پەرژین . شەری دۆڕاویان بۆ ئەوە بوو کە ئۆردوگایە کە بخەنە ژێر جاودێری خۆیان و بەناو ئیماراتی ئیسلامی تێدا دابمەزرێنن ، واتە دەوڵەت لەناو دەوڵەت دابمەزرێنن ، کە ئەمەش بیروبۆچوونی هەندێک لەو گروپە توندڕەوانەیە .بەڵام ئاواتەکەیان نەهاتە دی و دوعا کانیان نەگەیشتە لای خودا و ژێرکەوتنیان راگەیاند .ئەوەی سەیرە لەشکری لوبنانی کە پێک هاتووە لە مەسیحی و شیعە و سونە و دروز و مارۆنی و ئەرمەنی و کورد و..هتد ئەو ریشدارانەی سەرشۆڕ کرد ، ئاڵای سپی پێی بەرزکردنەوە .گروپەکانی ئیسلامی دەبێ چاک بزانن ریش و هاواریان بۆ الله اکبر نابێتە دڵخۆشی خەڵکی ،کە بازرگانی بە ئایینی ئیسلام دەکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان خواوپێغەمبەر دەکەنە قەڵغان .لەژێر هەر ناو و ئاڵا و رەنگێک ، رەوشت و ئایدۆلۆژیای تیرۆر هەردەم سەرنزمە و دۆڕاوە ، خەڵکی بە گشتی دژی بەناو ئەو [جیهاد]ەیە کە منداڵ و ژن و پیر و خەڵکی سیڤیل دەکوژێت ، کەبووە بە کردەوە و رێبازی هەندێک لایەن .

چوارەم...ئیدریس بەسری{ادریس البصری}جەلادی مەغریب مرد... یەکێک لە تاوانبارترین مرۆڤی مەغریب ، وەزیری ناوخۆیی پێشوو ئیدریس بەسری بوو ، لە پاریس مرد. پیاوی حەسەنی دووەم پاشای مەغریب بوو.دڵسۆزی بۆ پاشای مەغریب بێسنوور بوو . بەرهەڵستکارانی رژێمی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری پادشای مەغریبی ئەشکەنجە دەدا و دەیکوشتن




8/11/1938 – 27/8/2007    المهدى بن بركه 1920--29/10/1965

.یەکێک بوو لە مامۆستایانی فێلبازی دەنگدان ،لە کاتی هەڵبژاردندا . هەربۆیە لەوکاتەدا کە مەغریب بەرەو دەنگدان دەچێت ، ئەویش لە فەرەنسا گیانی دەرچوو .لە رۆژی 2007/8/27 لە تەمەنی 69 ساڵیدا بە نەخۆشی پیس بوونی جەرگ کۆچی کرد .چەند کەسێکی نزیک کۆشکی شای مەغریب لە نەخۆشخانە چوونە لای ئیدریس بەسری کە زانیان باری تەندروست تەواو بووە . لە 1938/11/8 لە ناوچەی [سطات] لە مەغریب ،لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووە . باوکی حەرەس[گاردی]گرتووخانە بووە و ساڵی 1979 بووە وەزیری ناوخۆیی مەغریب .لە تەمەنی 16 ساڵان قوتابخانەی سەرەتایی تەواوکردووە ، لە قوتابخانە تەمبەڵ بووە .پاشان کە ئامادەیی تەواو کردووە چووە بەشی سەربازی و وەکو ئەفسەری یاریدەر کاری کردووە .

لە 22ی ئایاری 2006 بانگی وەزارەتی ناوخۆیی فەرەنسا کراو لەلایەن دادوەرێک پرسیاری لێکر دەربارەی دۆسیەی شەهیدی تێکۆشەر [المهدی بن برکە] کە بەر لە 41 ساڵ لە بەرامبەر قاوەخانەی [لیب]دزرا و پاشان کوژرا. لەو دانیشتنە چەند قسەیەکی دەربارەی ئەو رووداوە کردوو، پاشان چەند دیکومەنتێکی پێشکەش بە دادوەر کردوو. کاتێکی تریان بۆ دیاری کرد بۆ دیداری دووەم .بەڵام لەوماوەیەدا ماڵەکەی و ئۆتۆمۆبیلەکەی پشکنین کرا و هەرچی بەڵگەنامە و ژمارەی تەلەفون بوو لە لایەن پۆلیسی نهێنی دەستی بەسەر داگیرا . چەندجارێک داوای کردەوە کە شتەکانی بۆبدەنەوە ، بەڵام بۆی نەگەڕاندرایەوە و هەتا ئێستاکە لەلایەن فەرەنسیەکان دەستی بەسەر داگیراوە و ئاشکراش نەکرا ئەو دیکۆمەنتانە چی بوون و بایی چەندنرخدارن . رەنگە لەبەر ئەوەی ئەوکاتە فەرەنساش دەستی لە رووداوی دزینی مەهدی بن برکە هەبووبێ بۆیە ئاشکرا نەکراوە کە ئەوبەڵگەنامانە چین کەوەزیری ناوخۆیی پێشوو ئیدریس بەسری پێشکەشی کردوون . هەر لەلایەن فەرەنسیەکانیش ئیدریس بەسری ئاگادار کرایەوە کە بۆی نی یە هەتا 15ساڵ هیچ نهێنیەک بدرکێنی چونکە تاوانبار دەکرێت بە {درکاندنی نهێنی کۆماری فەرنسا} و ئەوەش وا دەکات کە حکومەتی فەرەنسا لە فەرەنسا دەری بکات .هەتا ئەمڕۆکەش دۆسیەی مەهدی کوڕی بەرەکە [ المهدی بن برکە 1920 ــ 1965/10/29] هەر بە نهێنی ماوەتەوە و ئاشکرا نەکراوە .

**ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە ئەشکەنجە دان و کوشتنی خەڵکی بێتاوان دەبێت بەر لە مردنیان دادگایی بکرێن بۆ ئەوەی پاداشی ئەو کارە نامرۆڤیانەیان وەربگرنەوە**

پێنجەم...مەولانا جەلالەددین رومی ...ئەمساڵ 800 ساڵە جەلالەددین رومی {مولانا جلال الدین الرومی } لەدایک بووە. ئەگەر خوێندەواربیت ، کتێبی هەیە بۆ خوێندنەوە . ئەگەر نەخوێندەوار بیت ، شیعرەکانی لەبەرکراوە و دەیلێنەوە . لە هەموو جیهان دەروێشی خۆی هەیە و بە زمانی جۆراوجۆر شیعرەکانی و نووسینەکانی بڵاووکراوەتەوە و هەتا ئەمڕۆکە دەربارەی دەنوسرێت .بۆ یادی لەدایک بوونی [یۆنیسکۆ] لە پاریس یادی ئەو مرۆڤە بەرزەی کردەوە .ناوی [محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی حسین بەهائەددین]ە .لە ڕێکەوتی 1207/9/30 لەدایک بووە و لە 1273/12/17 کۆچی دوایی کردووە . بە منداڵی باریان کردووە بۆ شاری کونیا[قونیا]ی کوردستانی تورکیا و هەر لەوێش ئەو پاشناوەی رومی وەرگرتووە ، ئەوسەردەمە بەو ناوچەیە دەگوترا خاکی روم . هەنووکە مەزاری لەو شارەیە و خەڵکی زیارەتی گۆڕی دەکەن .ژنەکی سەمەرقەندی هێناوە بەناوی [جەوهەرەخاتوون] و کوڕەکی لێ بووە و ناوی ناوە سوڵتان .سوێدیەکان لەساڵانی سییەکانەوە بەهۆی نووسەری بەناوبانگ [ئێریک هێرمەلین 1860 ــ 1944] ئاشنای بەرهەمەکانی مەولانا بوون .پاشان نووسەرێکی گەنج [ئاشق دالین 1972/6/3] شیعرەکانی مەولای بەشێوەیەکی تازە وەرگێڕا بۆ زمانی سویدی . ئەو ئاشکە[عاشق] لە تاران لە دایک بووە و بە منداڵی هیناویانە بۆ سوید و خۆی خەریکی ئیرانیست و ئایین و وەرگێری ئەدەبی فارسی یە .مەولانا کاردانەوەی بەسەر شاعیرانی سوید هەبووە وەک نووسەران [ڤیلهیلم ئیکەلوند 1880/10/14 ــ 1949/9/3 ]و [گونار ئێکەلوف 1907/9/15 ـ 1968/3/16]و [ئێریک ڤون پوست 1899/10/3 ـ 1990]و [ڤیلی شیرکلوند 1921/2/27]و [ئینگمار لیکیوس1928] و [کورت ئالمکڤیست 1912 ـ 2001] . ساڵی 2007 ئینستیوتی مەولانا لە شاری ستۆکهۆڵم دامەزرا بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی جەلال ئەددین رومی بڵاوبکاتەوە و زیاتر زانیاری وەدەست بهێنی . گەلۆ ئەو نووسەر و شاعیرە مەزنە لە ئەدەببی کوردی دا گرنگی یەکی ئاوا شایەستەی پێدراوە و بەرهەمەکانی کراوە بە کوردی .





گۆڕەپانی مەولانا لە شاری کونیا[قونیە] مەزارگای جەلالئەددین رومی




بەرهەمەکانی رومی بە زمانی جۆراوجۆر

شەشەم...کوشتنی یەزیدی یەکان...کارەساتی شەنگار لەکەیەکی رەشە بە نێوچەوانی تێرۆریستان .لەناو بردنی یەزیدی یەکان و تۆقاندنیان ، لە بەرژەوەندی ئەو شەڕە دینی یە کە بازرگانان بەناوی ئیسلامەوە پێیدەکرێت .لە دووڵاوە برا یەزیدی یەکانمان زیان بەخشن . لەلایەک وەکو کورد و دوورخستنەوەیان لە خاکی بابوباپیرانیان . لەلایەکی تر وەکو ئایینی کە تایبەت مەندی خۆیان پاراستووە و 1400 ساڵە لە شمشێری ئیسلام بوون ، لە دەسەڵاتی عوسمانلی و سەفەوەی خۆیان پاراستووە و ئایینەکەیان زیندوو راگرتووە .چەند جاران جاشی کوردیان فێرکردووە بۆ ئەوەی لە دژیان بجەنگن بەناوی ناموسڵمان و شەیتان پەرست . ئەوانیش خۆیان و ئایینی خۆیان پاراستووە .هەر لەناوچەی ئیزیدیستانێ ، ئەوان بوونە هاوکار و یاریدەر و پشتوپەنا بۆ حەوانەوەی برا مەسیحییەکانیش لەناو خۆیان . هەنووکە

بەناوی ئایینی ئەو گرۆپە تیرۆریستانە شەڕیان لەدژی دەکریت و [سەدام حوسین]یش بەناوی نەتەوایەتی کوردەجاشەکانی یەزیدی لەخۆی کۆکردبۆوە و فیری کردبوون بلین نەوەی یەزیدی کوری مەعاویەن . بۆ ئەوەی لە کوردایەتیان بشواتەوە .پاراستنی ئەوانە بۆ کورد وەکو ناسنامەیەک دەبیت پارازیگاریان لیبکریت .دەبیت بەزووترین کات هەولبدریت ئەوناوچانەی برا یەزیدی یەکانی تیدادەژیت بگەڕیتەوە سەر کوردسان و لە ترس و تۆقاندنی بەعارەب کردنی ناوچەکەیان رزگار بکریت .نەمان و هەلاتنی ئەو برایانە لەناوچەکانیان دەبیتە دۆڕاندنی مادەی 140 ی دەستوری عیراقی و تەشەنەکردنی شەڕی ناوخۆیی .شەهیدانی کارەساتی ئابی شەنگار سەربەرزن و لە دل و دەروونی خەلکی کوردستان دەژین .

**فـەهـد گـردەوانـی2007/9/5ستۆکهۆلم**